Women,s Freedom Organization of Kurdistan - NINA

ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان - نینا

# بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان
# بەبۆنەی 8 مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن

ژنانی کوردستان!

ئۆگرانی یەکسانی و مرۆڤسالاری!

ریکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان بە بۆنەی گەڕانەوەی 8ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن، گەرمترین پیرۆزباییەکانی بەڕێوەبەرایەتی و ئەندامانیتان پێشکەش دەکا. لەم بۆنە نێونەتەوەییە گرینگەدا، ئاواتی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوا لە پێناو یەکسانی و مرۆڤ سالاریی دا بۆ ژنانی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان و بەختەوەری بۆ هەموو ژنێکی کوردستانی و هەموو ژنان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەخوازێ.

ئەمڕۆ پاش تێپەڕینی پتر لە یەک سەدە لەو ڕۆژەی کە ژنانی نیویۆرک بۆ داکۆکییکردن لە مافەکانیان و گەیاندنی دەنگیان بە هەموو مرۆڤایەتی ڕژانە سەر شەقام و دواتر ئەو هەڵوێست و هەنگاوە بە ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن دیاریی کرا؛ قافڵەی خەباتی ژنانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی جیهان بۆ وەلانانی جیاوازی دانان و هەڵاواردنی ڕەگەزیی هەر لە ڕێدایە و گەلێک وێستەگەی گرینگی بڕیوە و زۆر سەرکەوتنی دەستەبەر کردوە. دیارە پیاوانی ئازادیخواز و مرۆڤپەروەر لەم خەبات و ڕێپێوانە مێژووییەدا هاوپشتی ژنان بوون. بەو حاڵەشەوە هێشتا بە داخەوە لە سەردەمی پێشکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی مرۆڤایەتییدا، ژنان لە هیچ جێگایەکی ئەم جیهانەدا، نەگەیشتوونەتە یەکسانی تەواو. ئەگەر لە زۆر وڵاتی جیهاندا، کۆت و بەندە قانوونییەکانی سەرڕێی یەکسانی هەڵگیراون و بە مێژوو سپێردراون، بەڵام هێشتا مەرجەکانی یەکسانی و وەکیەکیی واقعییان لە هەمو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا دابین نەبووە. یان ئەگەر لە زۆر وڵاتدا قانوونە فەرمییەکان باس لە یەکسانی ومافەکانی ژن لە کۆمەڵ و خێزاندا دەکەن، ئەو مافانە هەر لە سەر کاغەز ماونەتەوە. بەڵام دەردی گران ئەوەیەکە لە ژمارەیەک لە وڵاتاندا، جیاوازیی دانان و هەڵاواردن، قانوونی کراوە و ژنی ئەو کۆمەڵگایانە بە پێی قانوونی دانراو لە بەشێکی بنەڕەتی لە ماف و ئازادییەکانیان بێبەش دەکرێن. لە پاڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێک داب و نەریتی کۆن و بەجێماوی سەردەمەکانی رابردوو لەمپەرێکی دیکەی سەر ڕێی ماف و ئازادییەکانی ژن و دابین بوونی یەکسانین. ژمارەیەک لە ڕێژیمە سیاسییەکان و کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی، نموونەی ئەو ڕێژیمە سیاسیانەن کە جیاوازیی دانان و هەڵاواردنی ڕەگەزی و پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی ژن قانوونیی کراون و هەر لەوکاتەشدا، کۆمەڵگاکانیان بەستێنی لەباریان بۆ ئەو ناڕەواییانە خۆڵقاندوە و "ژن" تێیاندابە ژان و ئازارەوە دەژی.

ئەوەندەی بۆ ژنی کورد دەگەڕێتەوە، ژنانی کوردستان پێش هەموو شتێ، قوربانیی ڕێژیمە سیاسییەکان و قانوونەکانی ئەو دەوڵەتانەن کە کوردستانیان داگیرکردووە. ئەو دەوڵەت و ڕێژیمانە بە داگیرکردنی نیشتمانی نەتەوەیەک، ماف و ویست و ئیرادەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیەشیان کە نیوەی لە ژن پێکهاتووە، زەوت و پێشێل کردووە. هەر لەوکاتەشدا، ژنانی نەتەوە بندەستەکەمان لە ریزی پێشەوەی بەسەرداهاتنی تاوان و کارەساتەکانی دەستی ئەو دەوڵەتانەن. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو دەوڵەت و ڕێژیمانە بە سەپاندنی قانوونەکانیان و بەرهەمهێنانەوەی فەرهەنگ و کولتووری کۆنەپەرستانەیان کاریگەریی نێگەتیڤی بەرچاویان لەسەر تاک و خێزان و کۆمەڵگەی کوردەواری هەیە.

بۆیە بۆ ژنی کورد خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئازادییە ڕەگەزییەکانیان و بەرقەراکردنی یەکسانی، ئاوێتەی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی بووە. ئەزموون سەلماندوویە کە ژنی کورد لە بندەستی نەتەوەییدا بە ماف و ئازادییەکانی ناگا. بەپێچەوانەوە لە بوونی سەروەریی نەتەوەییدا، دەرگای پێشکەوتن و دابینکرانی ماف و ئازادیی و یەکسانی بۆ دەکرێتەوە، ئەگەر چی ڕێگایەکی پڕهەوراز و نشێویش بێ. هەربۆیە ژنی کورد، لە هەموو بوارەکانی

ئەم خەباتەدا بەشدار و لە هەمووانیشدا خاوەن قوربانی و فیداکارین. خەباتی ئازادیبەخشی نەتەوەییشمان لە سیما گشتییەکەیدا، لە خۆگری ماف و ئازادییە رەواکانی ژنە.

ئەوە کە بەشێک لە داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییش ئازاری ژنی کورد دەدا، راستییەکی حاشا هەڵنەگرە. بەڵام ئەو راستییە هەرگیز نابێ ببێتە دابەشبوونی مرۆڤی کورد بە دوو رەگەزی دژ بەری یەکتر. بەڵکوو وەلانانی ئەو نەریت و کۆت و بەندانە ئەرکی ئینسانی و هاوژینی نەتەوەیی هەر دوو رەگەزەکەیە کە دەبێ لە پرۆسەیەکی هێمنانە و عەقلانیدا بچەسپێ و سیما و نێوەرۆکی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ببنە رەنگدانەوەی یەکسانی و هاوشانیی ژن و پیاو لە هەموو ئاستەکاندا.

بێگومان وەچەی نوێی کۆمەڵی کوردەوارییی بە ژن و پیاوەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە زانستە مرۆڤایەتییەکانی سەردەم و ئەزموونی کۆمەڵگاکانی دیکە، پێشەنگی ئەو رێگا و رێبازەن. وەچەی نوێی کوردستان لە سەریەتی ئەوەندەی بۆ پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە، وشیارانە ئەو داب و نەریتە دزێوانەی کە جیاوازیی دانان و هەڵاواردن لە نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵ و خێزاندا پێکدێنن، هەڵگرن و پێوەندییەکی مرۆڤانەی ئازاد و یەکسان لە نێوان هەر دوو رەگەزدا بچەسپێنن و مرۆڤسالاری بکەنە پێوەری رێکخستن پێوەندییەکان و هاوسەنگ کردنی ماف و ئەرکەکانی نێوان ژن و پیاو.

سڵاو لە 8 مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژن

بژی ئازادی، یەکسانی و مرۆڤسالاری

رێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان

16 رەشەمەی 2709

7 مارسی 2010

ninaazadi.jinan1@gmail.com